کۆلێژی پەروەردە/ زانکۆی سەلاحەددین

بەشی/ پەروەردەی تایبەت

قۆناغ / سێ یەم – کۆرسی دووەم

م( 1 )

بابەت:

# زمانی ئاماژە / Sign language

مامۆستای بابەت/ تیۆری

کارۆخ جوهر جلال

مامۆستای بابەت/پراکتیکی-پەیمامگا

سەیران شیخ محمد



**ئەو هۆکارانەی کار لە گەشەی زمانەوانی دەکەن لەلای نابیستان و هۆکاریشن بۆ جیاوازی تاکایەتی:-**

1- ڕەگەزی منداڵ: جیاوازی نێوان ڕەگەزی کوڕ و کچ، بەجیاوازییەکی کەم دەرئەکەوێت لە قوتابخانە، جگەلە تێگەیشتن لە بابەتێك کە کچ زیاتر هەوڵ دەدات وەك لە کوڕ و نمرەی زیاتر بەدەست دەهێنێت،و لەلایەنی ماتماتیك کوڕ زیرەکترە.

2-تەمەنی منداڵ و کاتی لە دەست دانی بیستنی:

بۆ زانینی ئەم بابەتە قوتابیانی نابیست دابەش کران بەسەر چوار گروپ :

1- گروپێك هەر لەسەرەتای لە دایك بوونەوە نابیستن

2-گروپێك لە کاتی لەدایك بوون کێشەیان نەبووە و دوای سێ ساڵ لەتەمەنیان واتا سێ ساڵی یە کەمی ژیاذیان هە ستی بیستنیان لەدەست داوە.

3-گروپێك لەدوایی سێ ساڵ هەستی بیستنیان لەدەست داوە.

4-گروپێك کە نەزانراوە کەی هەستی بیستنیان لە دەست داوە.

3-هۆکاری لەدەست دانی بیستن و تووش بوون بە نابیستی:-

-هۆکاری تووشبوون بە نابیستی بەهۆی بۆماوەیی.

-تەواو نەبوونی ماوەی دوو گیانی.

-تووشبوونی کۆرپەلە بە بریندار بوون یان زەحمەتی لەکاتی منداڵ بوون.

-تووش بوونی دایکی دوو گیان بە هەو کردن سورێژەی ئەڵمانی.

-هەندێك هۆکاری ژینگەیی و نەخۆشی گوێچکەکان و ناڕێکی لە ناوچەی بەرپرس لە مێشکدا.

4-ڕێژەی لەدەستدانی بیستن:

ئەنجامی توێژینەوەکان دەریان خست کە هەرچەندە ڕێژەیی لەدە ست دا نی هە ستی بیستن کەمتر بێت، ئەوا ڕێژەیی تێگەیشتن و فێر بوونی زمان زیاتر ئەبێت.

5- ناڵاندنی منداڵ بەدەست کۆسپی ترەوە:

ئەنجامی ئەو توێژینەوانەی کە ئەنجام دراون دەرکەوت کە ئەو قوتابیانەی کە تەنها حاڵەتی نابیستیان هەیە، زیرەك تر و بەتوانا ترن لەو کەسانەی کە نابیستن و کۆسپێکی تریان هە یە، لە بوارە کانی خوێندن و حاڵەتی دوا کەوتووی ژیری و نابیست زیاتر بووە. وەك لە نابیستی و کۆسپێکی تر

## گەشەی زمانەوانی لەلای نابیستان:-

دەربڕینی زمانیش بە دوو قۆناغدا تێدەپەڕێ:-

1-قۆناغی ڕستەی تەواو (لە سێ سالّی سێیەم): مندالّ لەو قۆنا غەدا ڕستەی (دوو) تا (چوار) وشەیی دروست ئەکات، کە دروستە لەلا یەنی دەرەکیەوە، وا تە ئەو واتا یە ئەگە یەنێ سەرەڕای ئەوەی لە لا یەن پێکها تەیی زمانەوانیشەوە زۆر ڕاست ئەبێت.

2-قۆناغی ڕستەی تەواو(سالّی چوارەم) : واتا مندالّ دەتوانێت ڕستە لە ( چوار بۆ شەش) وشە دروست بکات و لەو ڕستانە ئەبێت کە سوود و واتایەکی تەواوی هەیە، وردبینە لە دەربڕینی دا، لە کۆتایی ئەم تەمەنەی ژیانیا، مندالّ دەگاتە ئەوەی کە دەتوانێت زالّ بێت بەسەر زمانی و سوودی لێ ببینێ و قسە بکات و ئەتوانێت باری کۆمەلاّیەتی پێ دەربڕێت کە ئەتوانێ گونجاوی و نەگونجاوی پێ بناسێتەوە لە هەموو هەلّوێستەکاندا.

* هەروەها لێکۆلّینەوەیەکی (جان بیاجیە) دەربارەی گەشەی زمانەوانی مندالّ ئەوەی دەرخستووە کە (54٪-60٪) لە وشەکانی مندالّ لە تەمەنی(3-5) سالّی تایبەتە بەخۆی، وە لە تەمەنی(5-7) سالّ ئەو وشانەی تایبەت ئەبن خودی کەم ئەبێتەوە، تا دەگاتە ڕێژەی (45٪) پاشان ئەو باسەکە تایبەت ئەبێ بە کۆمەلّگا و شتەکانی دەوروبەری.

**پێناسەی قۆناغی گەشەسەندنی زمانەوانی لەلای نابیستان:-**

هەستەوەری بیستن بەیەکێك لە گرنگترین ئەو هەستەوەرانە دادەنرێت کە تاك لە کارلێکەکانی لە گەلّ کەسانی دەوروبەری پشتی پێ دەبەستێت لە بوارە جۆراو جۆرەکانی ژیان، لەبەر ئەوەی هۆکاری پێشوازی کردنە بۆ سەرجەم ورووژێنەرەکان و شارەزاییە دەرەکییەکان کە تیایدا تاك دەتوانێت لەگەلّ کەسانی تر بژیت، لە هەمان کاتیش کۆسپی بیستن لە بەهێزترین و قورسترین کۆسپەکانی هەستەوەرەکان دادەنرێ کە تووشی مرۆڤ دەبێت بەپێی تەمەنیانیش بۆماوەیی کە تیایدا لە دەست دانی توانای قسە کردن و نابیستی تەواو لەخۆ دەگرێت لە بەر ئەوە بۆ کەسی نابیست بەدەست هێنانی زمان زۆر ئەستەمە وە توانای قسە کردن و فێر بوونی کارامە جۆراو جۆرەکانی ژیانیان نییە

## پەیوەندی نێوان زمان و قسە کردن و نابیستی:-

گەشەی زمانەوانی لەلای نابیست پشت دەبەستێت بەو پەیوەندیەی کە لەنێوان زمان و قسە کردن هە یە، ڕوونکرد نەوەی زیاتر لەم بابەتەی خوارەوە دەردەکەوێت:

یەکەم / زمان و قسە لەلای نابیست:-

بەهۆی ئەو کەمو کوڕیەی کە لە زمان هەیە لەلای نابیست ناتوانرێت ئەو هەست و بیرو بۆ چوونانەی هە یەتی بە ئا سانی دەریان ببڕێت و بیان کات بەکۆمەڵە ڕستە و وشەی مانادار. نابیست یەکەم جار بیر لەوە دەکا تەوە کە دە یەوێ دەری ببڕێت پاشان بەهۆی زمانی ئاماژە واتا جووڵەی دەست و پەنجەکان دەری دەبڕێت لە ڕێگەی کۆمەڵێك ئیشارەتەوە.

سەرەڕای ئەوەی کە نابیستەکان زمانی ئا ماژە بەکاردەهێنن وا تا جوو ڵەی دە ست و پە نجەکان، وە هەروەها جووڵەی دەست و پەنجەکانیش ناتوانن جێگەی خێرای زمان بگرنەوە، ئەوەی کە بە زمان دەتوانرێت دەربڕدرێت بە زمانی ئا ماژە جووڵەی دەست و پەنجەکان ناتوانرێت دەربڕدرێن یانیش کاتی زۆری پێویستە بۆ دەربڕین کە ناتوانر ێت گوزار شت لە هەموو شتێك بکرێت.

## کۆمەڵێك نیشانە یان جیاوازی نێوان تاکی ئاسایی و تاکی نابیست:-

1- بیرو بۆچوونەکان کە لەلای مرۆڤی ئاسایی دەبنە کۆ مەڵێك دە نگ بەڵام لەلای نابیست دەبنە کۆ مەڵێك ئیشارەتی بینراو.

2- مرۆڤە ئاساییەکان لەڕێگەی گوێیەکان شتەکان وەردەگرن بەڵام نابیست لەڕێگەی چاوەکان شتەکان وەردەگرن.

3- لە زمانی ئیشارەت ناتوانرێ هەموو وشە وتراوە کان وەربگێردرێ بۆ ئیشارەت یانیش وەرگێڕان و تێگەیشتنی زەحمەت دەبێت.

4- وە ناتوانرێ بەهەمان خێرایی قسە لێی تێبگەن وە ناتوانرێ بەخێرایی ئەوەی کە گوێ وەری دەگرێت چاو دەیبینێت ئیشارە بەو خێراییە نییە.

دووەم / زمانی نوسراو:–

بەشێوەیەکی گشتی نابیستی کاریگەری لەسەر زمانی نووسین هەیە لەم خاڵانەی خوارەوە:–

1–ڕستە لەلای نابیست کورت ترە بە بەراورد بە مرۆڤی ئاسایی.

2–نابیست ڕستەی سادەو ساکار دروست دەکات.

3–ڕستەی زۆر بەکار ناهێنێت لەکاتی نووسیندا.

4–ڕێکخستنی زمانەوانی لەلای نابیست پێکەوە بەستراو نییە.

5–نابیست زۆر دەکەوێتە هەڵەوە لەکاتی نووسیندا.

## خۆپاراستن لەکەم و کوری بیستن یان ( نەبیستن )

1.هۆشیاری گشتی :. بە ڕێگای جیاواز و شێوازی جۆراو جۆری وەکو بینین بە فەرمی و نافەرمی بۆ ئەو هۆکارا نەی کە ئاسانکاری دەکەن بۆ ڕوودانی کەم و کوری بیستن لەوانە نەخواستینی ژن و ژن خوازی لەگەل ئەو خێزانەی کە تا کەکانی لەبەر نابیستی بۆ ماوەیی دەناڵێنن ، وەرگرتنی هەندێ دەرمان کە زیان بە گوێ دەگەینن.

2.کوتان دژی سورێژەی ئەڵمانی :. بۆ هەموو قۆناغەکانی تەمەن بەتایبەتی بۆ ئافرەتان

3.چاودێری دایکی دووگیان :. نەخواردنی دەرمان بەبێ ڕێنمایی پزیشکی پسپۆر .

4. بوونی سەنتەرو پزیشکی پسپۆر لە شوێنە پێویستیەکان :. وە یەکەی گوێ هەبێت پشکنینی بەردەوامی منداڵەکان بۆ زانینی بەرای نەخۆشیەکانی گوێ . وەدەست نیشانکردنی حالەتی کەم و کوری بیستن لە قۆناغی یە کەمی وە خزمەت گوزاری نەشتەرگەری وە ناساندنی ئەوانەی کەم وکوری بیستنیان هەیە بە ئامرازەکان وە ڕاهێنانیان بە چۆنیەتی بەکار هێنانیان.

5. چاودێری کردنی پەروەردەی دەروونی کۆمەلا یەتی : بۆ ئەوانەی کەم و کوری بیستنیان هەیە لەتەمەنی پێش قوتابخانە کە ئەمەش یارمەتی دەری ئەوەی ماویەتی لە بیستن بۆ تێگەیشتن و فێربوونی قسەکردن وە سوود وەرگرتن لە کەمترین توانای منداڵەکە .

6.راهینان ڕێنمای خێزان بۆ یارمەتی دانی دایکان و باوکان : لەسەر تێگەیشتنی گیرو گرفتی کەم و کوری بیستن و پێداویستیەکانیان بۆ بە شداری کردن لەگە شە پێدانی کۆمەلا یەتی ، وەڕاهێنانیان لە سەر بەخۆی و پشت بە ستن بە خۆیان.

**فاکتەرە گرنگەکان کە دەتوانن یارمەتیدەربن لە بڕیاردان لەسەر شێوازی پەیوەندی گونجاو:**

1.ئاستی بیستن .

2. لێهاتوویی زمان .

3.توانای زمان .

4.پشتگیری خێزان .

5.ئاراستەکان بەرەو پەیوەندی زارەکی .

1.شێوازی پەیوەندی دەستی .

2.شێوازی پەیوەندی زارەکی ﴿خوێندنەوەی لێو ـ ڕاهێنانی بیستن﴾

3.شیوازی پەیوەندی گشتی .

1. **شێوازی دەستی** : مەبەست لەم ڕێگا یە بەکارهێنانی دەستەکانە بۆ گوزارشت کردنی و دەربرینی لەجیاتی ئاخاوتنی زارەکی وە ڕێگەی دەستی ئاماژەی گشتی و ئەلف و بایی پەنجەکان دەگرێتەوە ، وە زۆرجار ڕێگەی دەستی لە پەیوەندی کردن یان گەیاندنی بە پەیوەندی کردن زمانی ئاماژە ناو دەبرێت .

شێوازی دەستی دوو جۆر لەخۆ دەگرێت :

1.ئەلف وبێی پەنجەکان .

2.زمانی ئاماژە .

1.**ئەلف وبێی پەنجەکان** : سەبارەت بە ئەلف و بێی پەنجەکان بریتییە لە بەکارهێنانی پەنجەکان دەست بۆ پیتە جیاوازەکان ئەویش دانانی هەر پیت بە شێوەیەکی دیاریکراو ، وەتێگەیشتن وە دەبێت لەنێوان بەکارهێنەری ئەلف وبێ ی پەنجەکان لە ڕێگەی جوولاندنیان . ڕێگایەکە بۆ ڕوونکردنەوەی پیت و ژمارەکان لە ڕێگەی شێوە و جووڵەی دەست و پەنجەکان کە گوزارشت لە پیت وژمارەکان دەکەن وە ئەم شێوازەش یارمەتی تاك دەدات لە نووسین و دەربڕینی وشە وەك ناوی خەڵك ، وڵات ، زاراوە زانستییەکان ..............) .

2.**زمانی ئاماژە** : کۆنترین زمانە کە مرۆڤ لەگەڵ سەرەتایی دروستبوونیەوە بۆ پەیوەندی بەکاریهێناوە ، بەهۆی سادەیی و پشت بەستن بە جووڵە و هێما و ئاماژەکان .کە یارمەتی تاکی نابیست دەدات بۆ پەیوە ندیکردن لە گەڵ کەسانی دەوروبەر بۆ دەربڕینی ڕاوبۆچوون و بیرۆکەکان و هەستەکانی بە زمانی ئاماژە دەربڕن .

2.**مەبەست شێوازی زارەکی** : ئەو ڕێگە یە هەڵدە ستێ بە فێرکرد نی ئەو مندالآنەی کەم کوری بیستنیان هە یە بەبەکارهێنانی قسەکردن و ڕێگەی زارە کی گرنگ یەکی گەورەی شێوازەکانی گەیا ندنی پ ێدرا لە ن ێو شێوازەکانی گەیاندن لە فێرکردنی ئەوانەی کەم وکوری بیستنیان هە یە لە ناوە ندەکانی سەدەی نۆزدەم دا دە ستی پێ کرد . وەبەکارهێنانی ڕێگەی زارەکی ڕاهێنانی ئەو بیستنەی منداڵ ماویەتی دەگرێتەوە وە بە ڕاهێ نانی بیستن ناودەبر ێت هەروەها فێربونی خوێندنەوەی قسەکردن، هەروەها لێرەدا بەپێویست دەزانرێت کە سماعەی گوێ بەکاربهێندرێت .

ئەم شێوازە ئەمانە لەخۆ دەگرێت :

1.ڕاهێنانی بیست .

2.خوێندنەوەی لێو .

1.ڕاهێنانی بیستن :

1. **مەبەست لە ڕاهێنانی بیستن** : فێرکرد نی م نداڵی کەم و کوری بیستنیان هە یە وە سوود وەر گرتن لە بە شە بیستنەی کە ماوەیەتی بریتییە لە ڕاهێنانی بیستن لەسەر هەست کردنی هۆشیاری دەنگە جیاوازەکانی ژینگەوە جیاکردنەوەی دەنگەکان قسەکردن . ڕاهێنانی بیستن ڕۆڵی گرنگی لە گە شەبێدانی توا نای م نداڵ لە سەر گوێ گرت،وە لەسەر گەشە بێدانی گەشەی زمانەوانی لای منداڵ بەتایبەتی ئەگەر بێتو ئەم ڕاهێنانە لەتە مەنی بەرایی یەوە دەست پێ بکرێت .

2. **خوێندنەوەی لێو(شفاه)** : بریتیە لەفێربوونی ئەو مندالآنەی کە کەم و کوری بیستنیان هەیە لەسەر بەکارهێنانیی تێبینیەکانی چاوی بۆ جولاندنی لێوەکان و دەرچوونی دەنگەکان ئەمەش بۆ تێگەیشتنی ئەو ووتانەیە کە ئارا ستەی دەکەیت، وە شێوازی جۆراوجۆر هە یە بۆفێر بوونی وو تەکان وە کو شێوازی شیکردنەوە کە بریتی یە لەبە شکردنی ووشەکە بۆ چەند ( پارچەیەکی زارەکی ) یان چەند برگەیەکی دەنگی وە فێربوونی منداڵکە چەند برگەیەکی دەنگی وە فێربوونی منداڵکە بە جیاوازکردنی یان جیاکردنەوەیان ، وە دواتر ئەم بەشانە کۆدەکرێتەوەوەکو ووشەیەکلەوانی تر جیادەکرێتەوە .وەشێوازێکی تر هەیە ئەویش کە منداڵ سەرەتا ف ێری ما نای دەقە کە یان وو شەکە دەکر ێت وە دواتر جیاکردنەوەی لێوەکانلەکاتی دەربرینی دەنگی پیتەکان وە هە ندێ پ یت هە یە کە ناتوانێ لە سەر لێوە کان دەربکەوێ پیتی قورگە ئەوکات جولاندنی دەست بەکاردەهێندرێت .